# دەسەڵاتو گەمەی زمانەوانی

دیار عەزیز شەریف
diaryaziz74@yahoo.com

هیچ دەسەڵاتێك بەقەد دەسەڵاتە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکان پێویستی بە گەمەی زمانەوانی نییە، چونکە کاراکتەری سیاسی ئەم جۆرە سیستمە لە زەمینەی واقیعدا هەمیشە لەناو دووفاقیەکی گەورەدا هەنگاو دەنێت. یان ڕاستر بڵێین دووفاقیەت سیمای سەرەکیو هەتا هەتایی ئەو چەشنە کاراکتەرەیە، بەشێوەیەك هەر ئەو تایبەتمەندییەیە کە سەرجەمی ئایدیۆلۆژییە ڕاستو چەپەکان بە ژینگەو سیستەمی کۆمەڵایەتی گرێدەداتەوە. ئێمە لە جیهانێکی وا تەنگەبەردا گیرۆدەی دەست کێشە بونیادییەکانین، بۆیە بە ڕۆیشتنی کاربەدەستو بەرپرسە سیاسییەکان لە پۆستەکەیانو هاتنەجێی کەسێکی تر لە شوێنیان دەبینین هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەوەی کە دەمێنێتەوە درێژەپێدانە بە هەمان عەقڵیەتو ئاکاری پێشووتر؟! لە سەردەمی جیهانگیرییدا سیستمە تۆتالیتارەکان لە هەموو کات زیاتر پێویستییان بە ئیشکردنە لەسەر وشەو زاراوەگەلی وەك نەتەوەو قودسیەتو ئازادیو دیموکراسیو نیشتیمانپەروەریو دوژمنانی گەلو تیرۆریستو .....تاد. لەبەرئەوەی ئێستا خەریکە دنیا بەسەر دوو جەمسەری حوکمڕانێتی دژ بەیەکی تۆتالیتاریو دیموکراسی دابەش دەبێت..لە جیهانی دیموکراسیدا، دەسەڵات پێویستی بە هەرچی زووتر جێبەجێکردنی وادەو بەڵێنەکانی تایبەت بە ئازادیو ئابووری ئازادو مەسەلەکانی مافی مرۆڤەوە هەیە، کەچی دەبینین لە جیهانە تاریکەکەی تۆتالیتاری، دەسەڵات هەمیشە لە ئاست ئەو وادەو بەڵێنانەی کە بە میللەتی دەدات پێویستی بە دروستکردنی فەزایەك هەیە تا خۆی لێیان بدزێتەوە، بەمجۆرە ئەو چەشنە دەسەڵاتە لە قۆناغی ئاشتیدا –کاتێك شەڕ نەبێت- دەست بە یارییە زمانەوانییەکانی دەکات. دیارە باشترینو گەورەترین ڕێگەیەك بۆ ئەم جۆرە سیاسەتە چەواشەکارییە، شتێکە پێی دەوترێ (میدیا) واتە دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبیو حکومی کە زۆر سیستماتیکیانە ئیش لەسەر پەرەپێدانی ئەو گەمەیە دەکەن، بەمانایەکی تر میدیا ئەو دەروازەیەیە کە لێیەوە دەسەڵات درێژە بەو پەیوەندیو پەیمانەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا دەدات!

ڕەنگە ماسکە سیاسیەکە ئەو کاتە لابچێت، کە ڕۆژگاری داخوازییە مەدەنییەکان لەنێو کۆمەڵگادا دێت. ئەمەش ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتیو سیاسییەیە کە ئێمە پێیدا تێدەپەڕین، سەردەمو قۆناغێك کە خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجەو کەلارو کفریو ئاکرێو چەمچەماڵو دەربەندیخانو دهۆك بە فیعلی دابڕانێك لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ساڵانی پێشوو دروست دەکەن. مەبەستم ئەوەیە کە سیماو شوناسی ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهات، بەو مانایەی ئەگەر هۆکارو هێزی بزوێنەری خۆپیشاندانەکانی جاران، هەستی نەتەوەیی بوو بێت، ئەوا هۆکاری ئەمجارەیان سەرهەڵدانو دروستبوونی هەستی هاوڵاتیبوونە لەنێو کۆمەڵگایەکدا کە تا ئەو ساتەوەختەش کۆمەڵگایەکە تەواو لە نێو هەژموونی

حیزبدا شوناسی مەدەنیبوونی خۆی لە دەست داوەو هەر باڵادەستی ئەو هێزە ئایدیۆلۆژیەشە بەرەو گەورەترین‌و فراوانترین سەرزەمینی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بردووە لە ناوچەکەدا؟!

دواتر دەسەڵاتێك تەقەکردن لە هاوڵاتیانی مەدەنی نێو خۆپیشاندانەکان بکاتە نەریتێکی سیاسی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەو کۆتاییهێنان بە کردەی خۆپیشاندان، دەبێ ئەو دەسەڵاتە هەڵگری چ هێزو خەیاڵێکی سیاسی بێت؟ یان دەسەڵاتێك بەهەموو هێزییەوەو لە ڕێی "ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگای مەدەنی" خۆیەوە، لە ڕێی بارەگا حیزبییەکانی‌و چاوساغەکانی خۆیەوە لە ژێرەوە ئەو کەسانە ئاگاداربکاتەوە کە نیازی دەربڕینی نارەزایی‌و گلەییان لە شێوەی کۆبوونەوەی جەماوەری‌و ڕێپێواندا هەیە، هەڕەشەی ئەوەیان لێبکات گەر خۆپیشاندان بکەن خۆتان بەرپرسیار دەبن، یان لە ئێستادا هەر کەسێك بیەوێت ڕەخنە لە دەسەڵاتی کوردی بگرێت یەکسەر بە گێرەشێوێن‌و تیرۆریست‌و دوژمنی وڵات ناودەبرێت. ئەم زاراوانەی کە ئاماژەمان پێدا "گێرەشێوێن" "تیرۆریست" بووەتە ئامرازێکی زمانەوانی باشی دەسەڵات تا ڕووی ڕاستەقینەی کێشەکان بشارێتەوە. ئاخر ئەگەر دادگایەکی عادیلانە هەبێت‌و بەڕاستی شتێك هەبێت بەناوی یاساو حوکمی یاسا ئەوا چۆن‌و بەچ شێوەیەك کەسانێك دەتوانن هەقی ئەوە بە خۆیان بدەن لە بەرامبەر هاوڵا تیان‌و گشت کەسێك کە دەنگی لێوە هات، وشەی گێرەشێوێن‌و تیرۆریست بەکاربێنن؟ هەر خۆی ئەمە تەشهیرێکە بە کەسایەتی ئینسان، ئەمە خۆی لە خۆیدا کوشتنێکی سپییە کە کاریگەری کۆمەڵایەتی‌و دەروونی زۆر لەسەر کەسایەتی مرۆڤ جێدەهێڵێت. ئێمە لە دوورگەیەکی کۆمەڵایەتی دەژین کە تەواو بە ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتار دەوردراوەو دوورگەیەك کە لە زۆر ڕووەوە سەیری ڕووداوەکانی ڕۆژانەی نێوان چین‌و توێژەکانی بەدەسەڵات‌و بێدەسەڵات بکەین، زیاتر بۆمان دەردەکەوێت کە بووەتە جەنگەڵستانێك‌و هیچی تر؟! ئەگەر وا نییە دیموکراسیەت‌و تەقەکردن لە کوێ بەیەك دەگەن؟ ئایا لە سیستمی دیموکراسیەت دا هەڕەشەکردن‌و تۆقاندنی مرۆڤ وجودی هەیە، نەك هەر بوو بێتە نەریت‌و ئاکارێکی سیاسی وەك لەم مەملەکەتەی خۆمان چەند ساڵە بە ڕۆژی ڕووناك دەیبینین؟!